**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# له شوێنهه‌ڵگرتنی وه‌فیق سامه‌ڕایی هاوکاری ناوه‌ندی چاک بکه‌ن

**هه‌روه‌کو به پێی ده‌کومێنته‌کان و گێڕانه‌وه‌کانی ناو دادگا هێمای بۆ کرا تاوانبار وه‌فیق سامه‌ڕائی له کاتی ڕوودانی کاره‌ساته کۆمه‌لکوژیه‌کانی کورد له هێرشه‌کانی ئه‌نفالدا به‌رپرسی شوعبه ی 5 بووه له ئیستخباراتی سه ربازی . به‌مجۆره له تاوانه‌که‌دا به‌شدار بووه. له‌وه‌ش زیاتر له گه‌رمه‌ی دادگایی کردنی تاوانبارانی ئه‌نفالدا حسێن ڕه‌شید به‌رپرسی جێگری (هه‌یئه‌ی ئه‌رکانی) سوپا ئاماژه‌ی به‌وه‌کرد که وه‌فیق سامه‌ڕائی داڕێژه‌ری بیری ئه‌نفاله.**

**ئه‌گه‌رچی ناوه‌ندی چاک له‌سالی 2003 و له به‌ریتانیا هه‌وڵیدا بیداته دادگا، به‌لام پڕۆسه‌ی له‌ناوچوونی ڕژێمی سه‌دام بووه هۆی ئه‌وه‌ی وه‌فیق سامه‌رائی به‌په‌له بچێته‌وه به‌غدا، ئه‌وه‌بوو پاشان سه‌رۆکی کۆماری عێراق (جه‌لال تاله‌بانی) کردی به‌راوێژکاری تایبه‌تی خۆی، که ئێمه پێمان وایه ئه‌مه سوکایه‌تیه‌کی گه‌وره‌یه به گه‌لی کورد به‌گشتی و قوربانیانی ئه‌نفال به‌تایبه‌تی.**

**ناوه‌ندی چاک له ڕێککه‌وتی 2006.12.06 به فه‌رمی له دادگای شاری هه‌ولێر سکالای وه‌ک تاوانبارێکی دیاری ئه‌نفال له‌سه‌ر تۆمار کرد. ئه‌مه‌ش وایکرد له‌دوای ده‌رچوونی ناوی تاوانبارانی نوێ، وه‌فیق سامه‌رائی وه‌ک یه‌کێک له تۆمه‌تباران بڕیاری لێکۆلینه‌وه‌کردنی سه‌باره‌ت به به‌شداری ئه‌و له تاوانی ئه‌نفال بۆ ده‌ربچێت. هه‌ر له دوای ئه‌وه ناوبراو له‌ترسی لێکۆڵینه‌وه و ده‌ستگیر کردن له ئێراق وون بوو و گوایه بۆ هه‌نده‌ران بۆ به‌ریتانیا چووه.**

**ئێمه له‌ماوه‌ی 3 مانگی رابردوودا به‌دوای ناوبراودا چووین بۆ ئه‌وه‌ی له به‌ریتانیا هه‌ولی به‌دادگایی کردنی بده‌ین، به‌ڵام به‌داخه‌وه تائێستا نه‌مانتوانیوه شوێنی نیشته‌جێبوونی ناوبراو بدۆزینه‌وه و تا ئێستا ڕوون نییه له کام ولات ژیان به‌سه‌ر ده‌بات.**

**بۆیه داوا له هه‌موو مرۆڤ دۆستێکی ئازادیخواز ده‌که‌ین که هه‌رچی زانیاریان لایه ئاگادارمان بکه‌نه‌وه، له شوێنهه‌ڵگرتنی وه‌فیق سامه‌رائیدا یارمه‌تیمان بده‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین به هه‌موو لایه‌ک ناوبراو بده‌ینه دادگا و به سزای ڕه‌وای خۆی بگات.**

**ناوه‌ندی چاک**
17–10–2007
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تیبینی : ته نها به م ئادره سانه ده توانن په یوه ندیمان پیوه بکه ن .**